هەڵبژاردنی سەرکایەتی کەماری ئێران لە هەرێمی کوردستان دەکرێت

مەحموود مەحموود زادە، نوێنەرانی کەماری ئیسلامی ئێران لە سلێمانی ئەمڕۆ چوارشەممە لەمیانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە دوابەدوای ئەو ڕووداوەی بووە هۆی مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کەماری ئێران، بەپێی دەستور داموودەزگاکان بەرپرسن لە دروستکردنی زەمینەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەماوەی 50 ڕۆژدا و 28ی ئەم مانگە هەڵبژاردن بەڕێوەدەچێت"

مەحموود زادە ئاماژەی بەوەشکرد کە بەشداری هاووڵاتیان و گەشتیارانی کەماری ئیسلامی ئێران کە لە هەرێمی کوردستانن لە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کەماری وڵاتەکە فەراهەمکراوە و لە پارێزگاکانی سلێمانی، کەرکوك و هەڵەبجە سندوقی دەنگدان دانراون و لە کاتژمێر 8:30 خولەکەوە ناوەندەکانی دەنگدان دەکرێنەوە و تا کاتژمێر 5:00 بەردەوام دەبن.

سەرکونسوڵی کەماری ئیسلامی ئێران باسی لەوەشکرد، بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیان دەکەن کە لە هەرێمی کوردستانن بۆ ئەوەی بچن دەنگەکانی خۆیان بدەن.

مەحموود مەحموود زادە دەشێت: ئامارێکی وردمان لانییە بەڕێژەی چاوەڕوانی ئەوە دەکەین لەنێوان 500 بۆ 600 کەس بێن دەنگەکانی خۆیان بدەن تەنها لە سنووری پارێزگای سلێمانی، لە

شارەکانی هەڵەبجە و کەلاریش سندوقی هەڵبژاردن دانراون و هاوڵاتیانی ئێران دەتوانن دەنگی خۆیان بدەن.